www.kurdistannet.org
13-10-2006 9:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەردانی ڕایس: فشاری سیاسی یان پێشقە چوونی دبلۆماسی... (ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس)

2 – 2

لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، پرسیاری ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییە، وەکو بۆ ڕازی کردنی دڵی بەرپرسانی بەغدا و ئەنقەرەبن، وا بوون. ئاخر پرسیاری لەمەڕ داوای سەربەخۆی شەقامی کوردی و هاوڕای سەرۆکی کوردستان یان ڕەتکردنەوەی لەو ساتەی لەچەند هەفتەی ڕابردوو لەپەنای ئاڵای ڕژێمی بەعسەوە. چەند و چوونێکی زۆری لەنیوان کوتلەکانی کۆمەلەی نیشتمانی و حکومەتی عێڕاقیی و خودی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕوویداوە. چ واتایەك دەبەخشێت؟! گەڕان بە دوای وەڵامێکی یەکلا کەرەوە لەمەڕ پرسی نەوتی تازە دۆزراوەی کوردستان و سنووردارکردنی هەموو جموجۆڵ و چالاکییەکی P. K. K لەناوچەکە. دەرخەری ئەو فشارانەن کە لە بەغدا و ئەنقەڕە. دژی کورد و هەرێمی کوردستان. بەگەر خراون و ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ نەڕەنجانی ئەوان. بەدوای وەڵامەکەیاندا دەگەڕا.

تاکە پرسیارەکەی ڕۆژنامەی (التحاد) یش کە داوای گرەنتی چەندان جار دووبارەکراوی بۆ کورد دەکرد کە بەبڕوای خۆم هیچ پێویستی بەم پرسیارە لە ئێستادا نەدەکرد. هەر بۆیە ڕایس هەموو گرەنتییەکی بۆ کوردستان بەعێڕاقەوە بەستەوە و هیچ گرەنتیەکی بۆ کوردستان کە جیاواز بێت لەعێڕاق نەکرد و گوتی (ئێستا دەتوانین بڵێن ئێمە پشتگیرییەکەمان بۆ عێڕاقێکی دیموکراتییە نەك هەر تەنها دیموکراسییەت بۆ هەرێمی کوردستان، دەستووریش زەمانەتە بۆ ئێوە و باشترین چارەسەر ئەوەیە کە عێڕاق یەکگرتووبێت. ) "1"

زەمانەت بۆ ئێوە دەستوورە، چەند وشەیەکن کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەوەڵامی پرسیاری گرەنتی بۆ کورد چییە؟ دەریبڕین. ئەم چەند وشەیە ناچاری هەڵوێستەمان دەکات چونکە: خودی دەستووری هەمیشەیی عێڕاق مەترسی دەسکاری کردنی لەسەرەو هەموو ئەو بڕگە و ماددانەشی لە بەرژەوەندی کورددان، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك یان جیبەجی نەکراون یان لەبەغداوە هەوڵی گۆڕین و دەسکاری کردنیان دەکری. جیا لەمەش شاراوەنییە کە دەستوور ڕێگای بە هەرێمە فیدڕاڵییەکان داوە سوود لە سامانە بەکارنەهاتووەکانیان وەربگرن. ئەی ئەو فشارە زۆرە چییە؟ لەسەر دەسەڵات و خەڵکی کوردستان؟!کە تەنها دەیانەوێت سوود لەنەوتی خۆیان بە پێی دەستوور وەربگرن. یان چونکە عەرەبەکان ڕازی نین لەسەر دەرهێنانی نەوت لەکوردستان. کورد بەناچاری لەژێر فشاری ئەمریکا دا. دەبێت بڵێت: داهاتی نەوت بۆ هەموو عێڕاقە. ئاماژە و کۆدی پشت ئەم دەربڕینانە. دەرخەرێکی ڕاشکاوانەی فشاری ئەمریکان لەسەر کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی.

ئەگەرچی نەوت تاکو ئەم ساتەش، لەجیهاندا سەرچاوەیەکی بێی بەدیلە. لەستراتیژیەتی ئەمریکاشدا بایەخێکی فرەی وەرگرتووە. ئەم پێداویستییە بۆ زلهێزێکی وەکو ئەمریکا، زۆر سنووری نزیك کردۆتەوە، ئەمریکا هەرگیز لە پێناوی بەدەست هێنانی نەوت بۆ وولاتەکەی هیچ سنوورێکی نەناسیوە. ئامادەگی ئێستایان لەعێڕاق بەشێکە لەستراتیژیەتی بەدەستخستن و گەڕان بەدوای نەوتدا. ئەگەر چی بۆ ئێمەی کورد، تاکتیك و ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەعێڕاقدا هەرچییەك و هەرچۆنێك بێت. هاتن بۆ عێڕاق و مانەوەیان بۆ ئێمەی کورد پیرۆزە و زۆر بەڕاشکاوی پێویستە بگوترێت: پارێزگاری و مانەوەی ئێمە کوردی پێوە بەستراوە.

بەڵام بۆ هەموو کوردێك جیگای پرسیارە. نەوت کەلەوەتەی لەساڵی 1927 لە کەرکوك دا دۆزراوەتەوە. لە جیاتی خۆشبەختی بۆمان بوَتە هۆی نەهامەتی!!!سەرەڕای چەسپانی لە دەستووری هەمیشەیی عێڕاق کە هەرێمەکان سوود لەسامانە سروشتییەکانیان وەربگرن. بەڵام بە لێدانی ئەو بیرەی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێدرابێت. پێش ئەوەی تەواو بێت، هەڵایەکی گەورەی لەبەغداوە

لەسەر دروست بێت و داوای گەڕانەوەی بۆ سەر وەزارەتی نەوتی عێڕاق بکرێت. ئەمریکای هاوپەیمانی کورد لەئیستا و بەر لەڕووخانی بەعس وەکو خانم ڕایس ئامازەی پێدا. ببێتە بەشێك لە هاوکیشەکە و لاگیری بەغدا لەسەر حسابی کورد بکات! لە کاتێکدا بەشێك لەستراتیژیەتی زانراوی ئەمریکا بە دەست خستنی نەوتە. ئەم لاگیریە دروست لەو کاتە، لەهەموو کات زیاتر جێگای پرسیارە. کەبەهۆی ئەزمەی بێی سوتەمەنی لەکوردستان، هاوولاتیانی کوردستان توانای کڕینی چەند سەد لترە نەوتێکیان نییە؟!!.

10 / 10 / 2006

(1) ڕۆژنامەی خەبات –ژمارە (2289) رۆژی 7 / 10 / 2006 لا 2